# دەوڵەتسازی

## نەخشەڕێگایەک
## بۆ سەروەرکردنی یاسا و
## بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان

دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین

MERI
Middle East
Research Institute

# دەوڵەتسازیی

## نەخشەڕێگایەک
## بۆ سەروەرکردنی یاسا و
## بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان

دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین
ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری)

# ناوەڕۆک


**بەشی هەشتەم........................................................................................................ 4**

داڕێژتنەوەی پەیکەر و کارایی حکومەتی.................................................................... 4

هەرێم لە لوتکەوە بەرەوخوار................................................................................ 4

سەرۆکایەتی هەرێم ............................................................................................ 5

یاسای سەرۆکی هەرێم ........................................................................................ 6

چارەنووسی پۆستی سەرۆکی هەرێم........................................................................ 7

ئەنجومەنی وەزیران........................................................................................... 10

دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران................................................................. 13

لەجیاتی دیوان: ئەمینداریتی گشتی.......................................................................... 14

پێڕەوی ئەمینداریتی............................................................................................ 14

فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .................................................................. 15

بۆردی یاساداڕێژتن ........................................................................................... 16

داڕێژتنەوەی وەزارەتەکان بەپێی پێکهاتە هەماهەنگەکان ............................................ 17

# زاراوەکان

| | |
|---|---|
| بەدامەزراوەییکردن: | بە موئەسسەتاتیکردن، مآسسة |
| حوکمڕانیی: | فەرمانڕەوایەتی |
| حوکمی دروست: | فەرمانڕەوایەتی دروست، الحکم الرشید |
| پارێزبەندی: | حصانة |
| پۆڵەسی: | سیاسات |
| پێداگیریی: | اصرار |
| پۆستهەڵگر: | کارمەند، بەڵام زیاتر بۆ پۆستی باڵا بەکار هێندراوە. |
| دامەزراوە: | مؤسسة |
| دەوڵەتسازیی: | بناء مؤسسات الدولة رابەر: قائد |
| رابەرایەتی و بەڕێوەبردن: | إدارة و قیادە |
| رێبەری کارکردن: | دلیل العمل |
| رێبەری کواڵیتی: | دلیل الجودة ستوونی و ئاسۆیی: عمودي و أفقي |
| فەرماندەیی و کۆنترۆڵ : | القیادة والسیطرة |
| فەرمانگە: | بەڕێوەبەرایەتی گشتی (لە هەندێ حاڵەتدا هەمان واتا نابەخشن) |
| کاربەجێگەیاندن: | أداء |
| مۆنۆپۆڵیی: | قۆرخکاری، احتکار |
| ناحیە: | شارۆچکە |
| نیشتیمانسازیی: | بناء الوطن أو بناء الأمة |

# بەشی هەشتەم

# داڕێژتنەوەی پەیکەر و کارایی حکومەتی هەرێم لە لوتکەوە بەرەوخوار

# سەرۆکایەتی هەرێم

دوای چارەگە سەدەیەك لە تاقیکردنەوەی سیستەمی خۆماڵیانەی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی، هێشتا پرسیار ماوەتەوە ئایا سیستەمی پەرلەمانی بۆ هەرێم باشترە یان سەرۆکایەتی؟ ئایا هەرێم لاساییسیستەمە پەرلەمانیەکانی وەك هی بەریتانی یا ئەڵمانی بکاتەوە وەیان سیستەمە سەرۆکایەتیەکانی وەك هی ئەمەریکی یا فەرەنسی. لە راستیدا، پرسیارەکە لە بنەرەتەوە پڕە لە کەموکوڕی، ئەویش چونکە سەرکەوتنی هەر یەکێك لەو مۆدێلانە پەیوەستن بۆ کۆمەڵێك میکانیزم و دامەزراوەی سەروەرکردنی یاسا (واتا Checks and Balances) کە بە هۆیانەوە سیستەمی حوکمڕانی لە مەترسی بەرژەوەندی تایبەت دەپارێزرێ. لە وڵاتە دیموکراسیەکان جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان سیستەمی سەرۆکایەتی یان پەرلەمانیدا نیە، چونکە لە هەردووکیاندا دەسەڵاتی بڕیاردان لە هەناوی سێ دامەزراوە بنەرەتیەکەی پەرلەمان و حکومەت و دادگاوە هەڵدەقوڵێ، وە پڕۆسەکانی چاودێری و هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە بە میکانیزمی تێکهەڵکێشراو و تۆکمە بەدامەزراوەییکراون، بەجۆرێك کە سەروەریی یاسا لەوپەڕی کاراییدا دەپارێزن. ئیتر لاساییکردنەوەی ئەو مۆدێلانە لە هەرێمی کوردستاندا، بەبێ داهێنان و چەسپاندنی میکانیزمەکانی سەروەرکردنی یاسا و دامەزراوەییکردنی سیستەمی حوکمڕانی، شکست دێنن.

لە مانگی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)ی ساڵی 1991 حکومەتی بەغدا سەرجەم دامودەزگاکانی لە سێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانی کێشایەوە. بۆشاییەکی یاسایی دروستکرد کە بەرەی کوردستانی بە متمانەی خەڵکی هەرێم و هێزە هاوپەیمانە دەرەکیەکان پڕی کردەوە. بەیان و بڕیار و ڕێنماییەکانی بەرە لەوکاتەدا وەك یاسا کاریان پێدەکرا، هەتا ئەو کاتەی کە ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمانی) هەرێم هەڵبژێردرا. بەپێی یاسای ژمارە (1)ی بەرەی کوردستان بڕیاردرا کە سیستەمی حوکمڕانی هەرێم پەرلەمانی بێ و سەرۆك وەزیران و کابینەی حکومەت لە لایەنپەرلەمانەوە متمانەیان پێ بدرێت. رابەرێکیش بۆ هەرێم بە راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ. لەو کاتەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە دوو حیزبی براوەی یەکسان بوون، نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی سەرکردەی کامیان ببێتە رابەر تا ئەوەکەی تریان ببێتە سەرۆکی وەزیران. ئەوکاتە هێشتا بە وردەکاریەوە دەسەڵاتەکانی هیچ کام لەو دوو پۆستە بە یاسا دیاری نەکرابوو. ئەوەبوو پۆستی رابەری (سەرۆکی) هەرێم بە بەتاڵی مایەوە. پۆستی سەرۆکی حکومەت درایە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرۆکی پەرلەمانیش درایە پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ساڵی 1992 هەتا دروستبوونی سیستەمی دوو ئیدارەیی لە 1996و دواتر یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە لە 2006، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە رووی تیۆریەوە لوتکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بوو. پۆستی سەرۆکی هەرێم دانەهێندرابوو. لە ئیدارەی سلێمانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رۆڵی رابەری پێدرابوو و لە ئیدارەی هەولێر ئەو رۆڵە بە فەرمی بە کەس نەدرابوو، بەڵام

لە واقیعدا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرچاوەی بڕیاردانی لوتکە بوو. دوای روخانی رژێمی بەعس، دەرفەتی نوێ لە عێراق هاتە کایەوە. دوو پۆستی شایستە بۆ هەردوو سەرکردەی ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە هاتنە ئاراوە. بەپێی رێککەوتنێکی ستراتیژی نێوانیان، پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق درایە یەکێتی نیشتیمانی و پۆستی سەرۆکی هەرێمیش، کە بۆ یەکەمجار پێناسە کرا و یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 2005 ی بۆ دارێژرا درایە پارتی دیموکراتی کوردستان (دواتر هەموارکراوەتەوە). یاسای سەرۆکی هەرێم بە دیزاینێك درووا کە بێ لە ئاستی لوتکەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان شایستەی کێبڕکێی لەسەرکردن.

## یاسای سەرۆکی هەرێم

بەپێی یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 2005 هەموارکراو، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق سەرۆکی باڵای راپەڕاندنە و لە ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا نوێنەرایەتی هەرێم دەکات. هاوکات، فەرمانداری گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمە. ئەو پۆستە بۆ چوار ساڵە و دەشێ سەرۆك بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرێتەوە، وە دەنگدان بۆ ئەو پۆستە لە کاتوساتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمدا دەبێ. دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم وا دارێژراون کە تەواوکەری کاری پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری بن، لەوانە:

- دەرچوواندنی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانەوە دەنگیان لەسەر دەدرێت.
- دوای ناونانی سەرۆکی وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە داوای لێ دەکات وەزارەت پێکبهێنێ.
- فەرمانی قبوڵکردنی دەست لەکار کێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەکان دەردەچوێنێ.
- لە هەندێك حاڵەتدا فەرمانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەردەکات.
- دەسەڵاتی دامەزراندنی دادوەران و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی دەردەکات، لەدوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە.
- بە رەزامەندی پەرلەمان بۆی هەیە رێگە بە هێزە چەکدارەکانی فیدراڵ بدات بێنە ناو هەرێمەوە وەیان هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێ.
- پلەوپایەی سەربازیی بە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی هەرێم و هێزەکان ئاسایشی ناوخۆ و خانەنشینیان دەردەچوێنێ.

یاسای سەرۆکایەتی هەرێم باس لەوە دەکات کە جێگرێك بۆ فەرمانداری گشتی هێزەکانی پێشمەرگە دادەمەزرێنێ، بەڵام باس لە دامەزراندنی جێگری سەرۆکی هەرێم ناکات، کەچی بەپێی رێککەوتنی سیاسی و راگرتنی باڵانسی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، جێگرێك بۆ سەرۆك دیاریکرا. بە پێی یاسا دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن بۆ جێگری سەرۆك دیاری نەکراون.

## چارەنووسی پۆستی سەرۆکی هەرێم

هەر لە زووەوە پێشبینی لەوە دەکرا کە لە دوای تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی و دابەزینی هەردوو سەرکردە لوتکەییەکەی یەکێتی و پارتی لە پۆستە حکومیەکانی بەغدا و هەولێر، گۆڕانکاری بنەرەتی بە شێوازی پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دادێن، بەڵام پێش ئەو وادەیە نەخشەی سیاسی هەرێم و هاوکێشە حیزبیەکان گۆڕانکارایان بەسەر داهاتبوو. بزووتنەوەی گۆڕان و حیزبە ئیسلامیەکان وەك ئۆپۆزیسیۆنی کارا هاتبوونە کایەوە. ئەوان پابەند نەبوون بە رێککەوتنە ستراتیژیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی. بۆیەش لە دوای تەواو بوونی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەوکاتەی هەرێم (لە ساڵی 2013) و دواتر تەواوبوونی ماوەی درێژکردنەوەی (لە 2015) بەدەر لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005 هەموارکراو، کێشەی چارەنوسساز هاتنە کایەوە. لەناوەرۆکی گفتوگۆ ئاڵۆزەکانەوە بەدەرکەوت کە ئەو پۆستە بۆ یەکەمجار و بگرە دواجار بەو شێوەیەی لە یاساکەدا هاتبووە پڕ دەکرێتەوە و دوای چۆڵکردنی لەلایەن سەرۆکی ئێستای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە جارێکی دیکە بە ئاسانی پڕ ناکرێتەوە، وەیان ئەگەر پڕکرایەوە بە هەمان دەسەڵاتی جاران بەکەسی دیکە نادرێتەوە. جا یان ئەوەتا گۆڕانکاری بنەڕەتی بە میکانیزمی هەڵبژاردن و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دادەهێندرێت وەیان لە بنەڕەتەوە پۆستەکە نامێنێ. خۆ جارێ باسکردنی بابەتی پڕکردنەوەی ئەو پۆستە، بە هەڵبژاردن بێ یان بێ هەڵبژاردن، هەڵپەسێردراوە و هێشتا پەرلەمان نەپڕژاوەتە سەر ئەوەی یاسایەکە بێنێتەوە سەر مێزی هەمواركردنەوە.

لە مانگی نۆڤەمبەری پارساڵ(2017) بە یاسای (دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم) ی ژمارە (2)، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەپێی بڕگە گونجاوەکان بەسەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و سەرۆکایەتی پەرلەمان دابەشکران. لە کۆتاییدا هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە دیاریکراوە "بەهۆی درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و رەتکردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەردەوامبوونی لە پۆستەکەیدا و بە پێی ئەوەی لە ماددەی چوارەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (2005) هەموارکراودا هاتووە کە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە کاتوساتی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت و لە بەر نەبوونی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و بەمەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، ئەم یاسایە دەرکرا".

هەر لە نووسینی یاساکەدا دیارە کە بە هۆکاری سیاسی و بۆ تێپەڕاندنی قۆناخێکی قورس نووسراوە، ئەگینا زۆربەی بڕگەکان مایەی دیبەیت و جێگەی پرسیاری سیاسی و یاسایین. یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2017 لەسەر بنەمای یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 2005 هەموارکراو بونیادنراوە، کەچی ئەوەی دواییان کتومت جێبەجێ نەکراوە. لەوەیاندا هاتووە کە لە حاڵەتی دیارنەمانی سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە جیاتی ئەویان ئەرك و فەرمانەکانی لە ئەستۆ دەگرێ. ئەگەر پۆستەکەش چۆڵ

بوو، سەرۆکی پەرلەمان ئەرك و فەرمانەکانی هەڵدەسوڕێنێ هەتا سەرۆکێکی نوێ لە ماوەی 60 رۆژدا هەڵدەبژێردرێ. بە واتایەکی دیکە، یاسای ژمارە (1) دەمێکە کاری پێ ناکرێ و بەپێی واقیعی سیاسی ئیمڕۆ، سیستەمەکەی حوکمڕانی هەرێم بەشێوەیەکی کاتیی بووەتەوە سیستەمی پەرلەمانی وەك ساڵانی پێش 2006، وە رەنگە جارێ تا ماوەیەك وا بمێنێتەوە. ئەوەتا دیبەیتی پرکردنەوەی پۆستەکەش لە نێو حیزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە زۆر نایەتە سەر باس و لەوە دەچێ بۆ ئایندەیەکی دیارینەکراو (رەنگە تا دوای هەڵبژاردنی گشتی) دواخرابێ.

سەرباری ئەوەی کە ئێستا هەرێم لە بۆشاییەکی یاساییدایە و هەموو لایەك کۆکن لەسەر ئەوەی مەسەلەی پێناسەکردنی پۆستی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی پێویستە لە ئایندەیەکی نزیکدا یەکلا بکرێتەوە، بەڵام لەوە دەچێ کە هەموو لایەنەکانیش کاتوساتی ئێستا بە گونجاو نەزانن بۆ ئەوەی بیخەنە دیبەیتێکی جیددیەوە. بۆیە رەنگە باش بێ کە پەلە لەو بابەتە نەکرێ. لەجیاتیان، ئەو بابەتە بکرێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا و لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا باس لە سەرجەم کێشە و کەلێنەکانی سیستەم و میکانیزمەکانی تۆکمەکردن و سەروەرکردنی یاسا بکرێت. بۆنموونە باس لە داڕێژتنی دەستوورێکی کاتی بکرێ و سیستەمی حوکمڕانی تێیدا بۆ ماوەیەکی درێژ جێگیر بکرێ و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن جیا بکرێنەوە.

دیارە لە ئێستادا تەنیا چوار بژاردە لە بەردەم سیاسەتمەدارانی هەرێمدا هەن:

a) پۆستی سەرۆکی هەرێم وەك چۆن لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005 هەمەوارکراودا هاتووە وەك خۆی و بەبێ هەمووارکردنەوەیەکی دیکە بمێنێتەوە.

b) پۆستی سەرۆکی هەرێم بە دەسەڵاتەکانیەوە بمێنێتەوە، بەڵام لەجیاتی راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت.

c) پۆستی سەرۆکی هەرێم بمێنێتەوە، بەڵام بە دەسەڵاتی پرۆتۆکۆڵیی سنووردار (وەك هی سەرۆك کۆماری عێراق) و لە لایەن پەرلەمانی هەرێمەوە هەڵبژێردرێت.

d) پۆستی سەرۆکی هەرێم وەك ئێستا و بەدەر لە یاسا، هەتا کاتی نووسینەوەی دەستوور بە بەتاڵی بمێنێتەوە.

e) پۆستی سەرۆکی هەرێم لە بنەڕەتەوە نەمێنێ.

بێگومان هەریەك لەو بژاردانە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە، بەڵام سێ بژاردەکەی یەکەم پێشتر لە ساڵی 2015 لە پەرلەماندا بە تێروتەسەلی دیبەیتی لەسەر کرا و دواتر بوونە هۆی گەیاندنی پرۆسەی سیاسی بە بنبەستێکی درێژخایەن. ئەو ئەزموونە تاڵە سەلماندی کە حیزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەسەر هیچ کام لەوانە بە ئاسانی ناگەنە رێککەوتن. دیارە لە کولتووری هەرێمدا ئاسان نیە کە بڕیاردەرێکی بەهێزی ناو حیزبێکی دەسەڵات لە پۆستێکی وا بەهێزی لوتکەییدا بێ و سیمای

حیزبایەتیکردنی پێوە دیار نەبێ و سیاسەتەکانی بە تەوافوق و پرس و راوێژکردن بەرێوە ببات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتەکانی سەرۆك (لە بژاردەی a و b) هەمیشە زەمینە دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی حیزبێکی دەسەڵاتدار، کە سەرکردەیەکی دەبێتە هەڵگری پۆستەکە،دەشبێتە بڕیاردەری سەرەکی (وەیان تاکە بڕیاردەر) لەسەر خیتابی سیاسی و سەربازی و دیپلۆماتی سەرتاسەریی هەرێم. جێگری سەرۆك بەپێی یاسا تەنیا ئەو دەسەڵاتانەی دەبێ کە سەرۆك پێی دەبەخشێ. بۆیە دەسەڵاتی بە سروشت کەم دەبێ و توانای رێگرتنی لە بەحیزبیکردنی پۆستەکە نابێ. بۆیە دیسانەوە کێشەکانی رابوردوو دووبارە دەبنەوە. خۆ ئەگەر سەرۆکی هەرێم پەیڕەوی سیاسەتی تەوافوقیش بکات، تەنیا پێویستی بە راوێژ و رێککەوتن لەگەڵ یەك حیزبی هاوپەیمان دەبێ و بۆی دەکرێ ئەوانی دیکە، بە تایبەتی ئۆپۆزیسیۆن، پشتگوێ بخات و کێشەی پەرتەوازەیی خیتاب لە بەغدا و دەرەوەدا دروست ببێتەوە.

هەرچی بژاردەی (d)یە، دوور نیە پەیڕەو بکرێ و حیزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە ژێرەوە کۆك بن (بە پاسا و هۆکاری جیا) بەوەی کە ئەو بابەتە جارێ با یەکلایی نەکرێتەوە و ئەگەرچی بۆشایی یاسایی دروست دەکات، بەڵام با کێشەکان زەقتر نەبن دواتر بە شێنەیی دیبەیتیان لەسەر بکرێ. بێگومان ئەوەیان زیانی مەزن بە هەرێم دەگەیەنێ. ئەزموونەکان سەلماندیان کە مەسەلەی پەیڕەوکردنی یاسا و بەهێزکردنی شەرعیەت بۆ پێگەی کورد چەند گرنگە. هەر کاتێك ئەو یاسایەی کە بە دەستی هێزە خۆماڵیەکان دادەڕێژرێ هەر لە لایەن خودی خاوەنەکانیەوە وەلا دەنرێن، متمانەی نێودەوڵەتی بە سیستەمی حوکمڕانیەکە لاواز دەبێ و باجی ئەو لاوازبوونەی متمانەش گەورە دەبێ.

بۆیە، لە بارودۆخی ئێستادا و بە رەچاوکردنی دینامیەتی هێزە خۆماڵیەکان و کولتووری حوکمڕانی هەرێم، رەنگە واباشتر بێ کە جارێ پۆستی سەرۆکی هەرێم لە بنەڕەتەوە نەمێنێ و بە یاسایەکی نوێوە دەسەڵاتەکان بە هەمیشەیی بەسەر دەسەڵاتەکانی یاسادانان و سەرۆکایەتی حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری دابەش بکرێن. ئەوە دەرفەت دەداتە سەرکردەکان کە بەبێ فشاری کات و فشاری یاسا ئەو بابەتە یەکلا بکەنەوە و هەر کاتێکیش بڕیاردرا پۆستە دابنرێتەوە ئەوا بە ئاسانی یاسایەکی دیکەی بۆ دادەڕێژرێتەوە.

لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم، پێویستە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمیش هەڵوەشێتەوە و پۆستەکانی ناو دیوان بەپێی تایبەتمەندێتیان دابەشکرێنە سەر دامەزراوەکانی سێ دەسەڵاتەکەی حوکمڕانی. لە ئێستادا، سەرباری بەتاڵبوونی پۆستی سەرۆکی هەرێم، کەچی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ماوە و رۆڵ لە چەندین بواری وەك پەیوەندی دەرەکیدا دەبینێ. پێویستە ئەو دیوانە لە ئێستاوە بە زووترین کات سڕ بکرێ بۆ ئەوەی رێگە لە دووپاتبوونەوە و پەرتەوازەیی بگیردرێ.

# ئەنجومەنی وەزیران

ئەنجومەنی وەزیران (کابینەی حکومەتی هەرێم) لە دوای سەرۆکایەتی هەرێم باڵاترین دەستەی جێبەجێکردنە و دەسەڵاتی دانانی پۆڵەسی سەرتاسەریی و سەرپەرشتی بەجێگەیاندنی هەیە، ئەویش لە دوای بەدەستهێنانی متمانە و بڕیاری پەرلەمان. بڕیارەکانی کابینە بە زۆرینەی دەنگ و بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی دەردەکرێن. لە کابینەی ئێستادا، ئەنجومەنی وەزیران لە 19 وەزارەت و سێ وەزارەتی هەرێم پێك دێت، ئەگەرچی ئەو سێیەی دوایی پڕ نەکراونەتەوە. سەرۆك و جێگری سەرۆك و سەرجەم وەزیرەکان ئەندامی یەکسانن لە ئەنجومەندا و بە هاوبەشی لەبەردەم پەرلەماندا سەبارەت بە بەرنامەی حکومەت بەرپرسیارن. وەزیرەکانیش سەبارەت بە کاروباری وەزارەتەکەیان لەبەردەم کابینە و پەرلەماندا بەرپرسیارن.

پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران بە یاسای ژمارە (3) ی ساڵی 1992 دیاریکراوە. ئەو یاسایەهەتا ئێستا 22 جار هەموار کراوەتەوە. بۆ پێکهێنانەوەی کابینەی نۆیەمیش دەبێ دیسان هەموار بکرێتەوە. ئەو ژمارە زۆرەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و قەوارە هەڵاوساوەکانی وەزارەتەکان و نەهجی مەرکەزیانەی حکومەت لە هەرێمێکی وەك کوردستاندا لە هەموو روویەکەوە پرۆسەی دیبەیتی پۆڵەسی و بڕیاردانی لوتکەیی ئاڵۆز کردووە. لە ئێستادا، سەرجەم وەزارەتەکان، بەبێ هەڵاوێردن، گەشەیەکی ناسروشتی و نارێکی وایان کردووە کە چاککردنیان بە پچڕ پچڕیی کێشەکان بنبڕ ناکات. بۆیە <u>پێویستە</u> هەموارکردنەوەی ئەوجارەی یاسای ژمارە (3) بکرێتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران بە رەچاوکردنی ریفۆرم و لەسەر بنەمای لۆژیك و زانست و هونەری حوکمڕانی دابڕێژرێتەوە. وە بەپێی نەخشەرێگایەکی واقیعبینانە بایی ئەوەندە بچووك بکرێتەوە کە لەگەڵ ئامانج و ئەرکەکانی ئایندەی بگونجێندرێ و پرۆسەی بڕیاردان تێیدا کارا بکرێ.

<u>پێویستە</u> لەمەودوا روانگە و فەلسەفە و ستراتیژ و ئامانجە لوتکەییەکانی هەر یەك لە وەزارەتەکان پێناسە بکرێنەوە، وە لایەنی بەهێز و لاوازی سیستەمی پێشتر و خواستەکانی ئایندە دیاری بکرێن، ئەوجا چوارچێوە و پەیکەرەکان بە وردەکاریەوە دابڕێژرێنەوە. <u>پێویستە</u> لەمەودوا لە رۆژی دەستبەکاربوونیانەوە، وەزیرەکان بە پاڵپشتی فەرمانگەکانی وەزارەتەکانەوە پابەند بکرێن بە داڕێژتنی نەخشەرێگایەکی ئاشکرا و مەدروس بۆ ریفۆرمی سیستەم، وە بە دیوەکەی دیکەشەوە میکانیزم و رێکاری تۆکمە هەبن بۆ ئەوەی رێگە لە وەزیر و وەزارەتەکان بگیردرێت کە بە پێی ویستی کەسیی، بەرژەوەندی حیزبی وەیان بۆ خزمەتی بەرژەوەندی تایبەتەوە دەستکاری سیستەم و رێنماییەکان بکەن. بەڵکو هەموو گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی دەبێ لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی چاکسازی گشتگیردا بێ، ئەوانەش:

- بە ئامانجی سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردن و کاراکردنی سیستەمی حوکمڕانی.
- لەسەر بنەمای پرینسیپی لادانی بەربەست و کارئاسانکردن و کاراکردنی پرۆسەی بڕیاردان و ڕێکخستنەوەی ڕێچکە کارگێڕی و داراییەکان.
- بەمەبەستی بەجێگەیاندنی کارە ستراتیژیەکانی حکومەت و گەشەپێدانی ئابووری وڵات و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان لە بەرزترین ئاستی کواڵیتی و بە کەمترین خەرجیەوە.
- لەسەر بنەمای تۆکمەکردن و کاراکردنی سیستەمی چاودێری و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون.
- بەمەبەستی هەماهەنگکردنی پێکهاتەکانی حکومەت و داتراشینی دووپاتیەکان.

بەجێگەیاندنی ئەو پرینسیپ و ئامانجانە پێویستیان بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك گۆڕانکاری هەیە، کە لە بەشەکانی پێشوودا خرانەڕوو، لەوانە:

- پێویستە ڕۆڵی وەزیر پێناسە بکرێ بەجۆرێك کە زیاتر ڕۆڵی رابەریکردن و سەرپەرشتیکردن و نوێنەرایەتیکردنی وەزارەتەکەی ببینێ. پێویستە چاو بە ڕۆڵ و ئەرکە ڕۆژانەییەکانی وەزیرەکاندا بخشێندرێتەوە و هان بدرێن ئەرکەکانیان زیاتر پەیوەست بێ بە کاری لوتکەیی و ستراتیژی سەرتاسەریی و داڕێژتنی پۆڵەسی و پلاندانان و دابینکردنی بودجە و چاودێریکردنی بەکارهێنان بە کواڵیتیەوە. وەزیر وەك سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە دڵنیا بێ لەوەی کە لەماوەی چوار ساڵی کارکردنیدا مانیفەستۆی حکومەتەکەی جێبەجێ دەکرێ. پێویستە وەزیر لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیراندا نوێنەرایەتی وەزارەتەکەی بکات و لە وەزارەتەکەشیدا نوێنەری کابینەی حکومەت بێ.
- وەزارەت و دەستە و ئەنجومەنە ستراتیژیەکانی حکومەت بۆ پێکهاتە بنەڕەتیەکانیان خوردبکرێنەوە. سەر لەنوێ، بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و لەسەر لاپەڕەیەکی سپیەوە، هەر یەك لەو پێکهاتانە بەپێی ئەرکەکانیان جیابکرێنەوە و دابەشبکرێنەوە و ئاوێتەبکرێنەوە. سەرجەم دیوان و فەرمانگەکان لە ئاستی کابینە و وەزارەتەکان شیبکرێنەوە و میکانیزمەکانی هەماهەنگی و چاودێری و کاراکردنیان دابڕێژرێنەوە.
- پێویستە فەرمانگەکانی ناو هەر وەزارەتێك لە ڕووی کارگێڕی ڕۆژانە و تایبەتمەندی پسپۆڕیەوە نیمچە سەربەخۆ بکرێن. دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکان شۆڕ بکرێتەوە تا بتوانن بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزیر بڕیار لەسەر ئەرکە کارگێڕیی و داراییە ڕۆژانە و وردیلەکان بدەن.
- حکومەتە خۆجێییەکان سەربەخۆ بکرێن، بەجۆرێك کە یەکە ئیداریەکانی ئاستی قەزایەکان ببنە جێبەجێکاری سەرەکی پۆڵەسی و ستراتیژ و پلانی وەزارەت بەپێی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییە تایبەتمەندەکان.

بێگومان ئەو جۆرە پێداچوونەوە ریشەیی و داڕێژتنەوە رادیکالیەی پەیکەر ئەوە ناگەیەنێ کە ئیتر حکومەت کێشەی کاراکردنی نامێنێ وەیان بە راتەکاندنێك پرۆسەی بڕیاردان بەدامەزراوەیی دەکرێ، بەڵکو ئەو داڕێژتنەوەیە تەنیا بەشێکی چارەسەریەکانە بۆ ئامادەکردنی چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ گەشەپێدانی دامەزراوەکان و داهێنانی کولتوورێکی حوکمڕانی شیاو. داڕێژتنەوەکان بۆ ئەوەن کە چوارچێوە نوێیەکەی پەیکەری حکومەت ببێتە نەخشەڕێگایەکی درێژخایەن بۆ گۆڕینی کۆمەڵێك یاسا و رێسا و رێنمایی. وە ئاراستەکردنی گەشەکردنی سیستەم لە سەر رێچکەیەکی مەدروس و بە دیزاینێکی گونجاوترەوە. گۆڕینی یاسا و رێسا و رێنماییەکانیش هەر خۆیان دەرفەت دەرەخسێنن بۆ ئەوەی کەلێن و کەموکوڕیە سەرەکی و لاوەکیە کەڵەکەبووەکانی سیستەم لە هەمان پرۆسەدا پڕبکرێنەوە. شانبەشانی داڕێژتنەوەی پەیکەر، پێویستە میکانیزمەکانی سیستەمی کارگێڕی کارا بکرێن و پرۆسەکانی چاودێری و دڵنیایی جۆریان لەگەڵدا تێکهەڵکێشرێ و میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی بەردەوام و پاداشت و سزا و سەروەرکردنی یاسایان تێدا بە ئۆتۆماتیکی بەرجەستە بکرێ.

بەو پێیە، پێویستە لە ئایندەیەکی نزیکدا پلانێکی سەرتاسەری و نەخشەرێگایەکی درێژخایەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵاوسان دابنرێت. میلاکی فەرمانبەران بەپێی ئامانج و پێداویستی دەزگاکان و پەیکەری نوێی دامەزراوەکان دابەش بکرێنەوە، بە جۆرێك کە رێژەی خەرجیە داراییەکان لەگەڵ کارایی و کارامەیی دامودەزگاکان هەماهەنگ بن. وەزارەتەکان تا رادەیەکی زۆر بچووك بکرێنەوە وەیان هەندێکیان هەر نەمێنن و بکرێنە چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی بچووکی ئاستی لوتکە و کارەکانیان رادەستی جێبەجێکارانی حکومەتی خۆجێیی بکرێن. لە هەمان کاتدا، چاو بە رێچکە و میکانیزمەکانی هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی روانگە و ستراتیژ و زانیاری و فەرمانە ستوونی و ئاسۆییەکانی نێوان دامەزراوەکان دابخشێندرێتەوە بۆ ئەوەی لە ئاستی لوتکە و ناوەڕاست و خوارتردا سیستەمی حکومەت تێکهەڵکێشراو بێ و پێکهاتەکان کاری یەکتری ئاسان بکەن و رێگە لە دووپاتی و خەرجی زێدە و بیرۆکراسیەتی کوشتندە بگرن.

# دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پاڵپشتی کارەکانی کابینەی حکومەت دروست بووە و لە ژێر فەرمانی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندایە. ئەرکە سەرەکیەکانی دیوان بۆ هاندان و هەماهەنگیکردن و ئاسانکردنی کاری وەزارەتەکانی حکومەتە. ئەو دیوانە خاوەنی ئۆرگانێکی گەورەی کارگێڕیە و لە کۆمەڵێ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی پێکدێت کە بەپێی پەیڕەوی ژمارە (1) ی ساڵی 2006 رێکخراون و لەلایەن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە رابەرایەتی دەکرێن. واتە لە رووی تیۆریەوە، سەرۆکی دیوان بەرپرسی یەکەمی کارگێڕیە بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم ئەرکەکانی دیوان بەپێی ستراتیژ و پۆڵەسی و پلانی کابینەکانی حکومەت. دیارە کە پێڕەوەکە هی سەردەمی کابینەی پێنجەمە، ئەو سەردەمەی کە بۆ یەکەم جار دوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر یەکتریان گرتبووەوە. لەو کاتەدا ئەولەویەتی هەرە بەرزی درابووە سەرخستنی پرۆسەی یەکگرتنەوە، بە هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دامەزراوەکانی ئیدارەی سلێمانی و گواستنەوەی فەرمانگەکانی و جێکردنەوەیان لە هەولێر. بۆیەش کێشەی نارێکی پەیکەر و هەڵاوسان و دووپاتبوونەوەی رۆڵەکان و تێکەڵاوبوونی رێچکە کارگێڕیەکانی لێ پەیدا بووە. ئەوانەش بێجگە لەکێبڕکێی ناوەکیەکان لەسەر بنەمای ململانێی حیزبی، بەتایبەتی نێوان دوو حیزبی دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبی حوکمڕان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

لە ئێستادا زیاتر لە 3700 کارمەند لە فەرمانگە جۆراوجۆرەکانی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کار دەکەن کە زۆر لە رادەی پێویست زیاترن. ئاراستەی هاتوچۆی زانیاری و هەماهەنگی ستوونی و ئاسۆیی لە ئاستی ناوەوە و دەرەوەی دیوان لە زۆر رووەوە پەرتەوازەن. رێچکەکانی کارگێڕی و بڕیاردان ئاڵۆز و تێکەڵاو بوونە لە زۆر حاڵەتدا بە پێچەوانەی خودی پێڕەوی سەرۆکایەتی ئەنجومەن ئەنجام دەدرێن. تەنانەت بەدرێژایی مێژووی حکومەتی هەرێم بەڕێوەبەری سەر بە ئۆفیسەکانی سەرۆك و جێگری سەرۆکی وەزیرانی کابینە جیاوازەکان لەگەڵ رۆڵی سەرۆکایەتی دیوان هەمیشە بە هاوتەریبی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و ئەرکەکانیان تێکەڵ بە یەکتر کراون. ئەوەش نەك تەنیا پەیوەست بووە بە ململانێی دوو حیزبە هاوپەیمانەکە، بەڵکو بە سەرچاوەکانی بڕیاری ناو هەریەك لەو دوو حیزبە. ئەوەش یەکێکە لەو ئەولەویاتانەی کە <u>پێویستە</u> لە رێگەی بەدامەزراوەییکردن بە یەکجارەکی بنبڕ بکرێ.

رۆڵی ئەنجومەنی وەزیران لە بنەڕەتەوە بریتیە لە رابەرایەتیکردنی ستراتیژی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم، <u>پێویستە</u> دیوانی سەرۆکایەتیش لەوەدا رۆڵی هاندەر و کارئاسانیکەر و هەماهەنگیکەر ببینێ. کەچی لە واقیعدا، دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بووەتە بەربەستێکی بیرۆکراسی کە رۆڵی فلتەرێکی خاوکەرەوەی سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەت دەبینێ، بەجۆرێك کە رێچکەی زۆران لە کاری رۆتین و رۆژانەی گەورە و بچووکی وەزارەتەکان دەچنەوە لای دیوانی سەرۆکایەتی و لەوێوە

چارەنووسیان دیاری دەکرێ، جا بە سەرئاوکەوتن بێ وەیان نقوم بوون. بێگومان هاتوچۆی نوسراوی نێوان دیوان و وەزارەتی دارایی و وەزارەتە بیرۆکراسیەکانی دیکە توانای دواخستن و خاوکردنەوە و دواتر خنکاندنی هەموو پڕۆژەیەکی هەیە. پڕۆژە ستراتیژیەکانی وەك پڕۆژەکانی بیناکاری وەزارەتەکان و تواناسازی و زۆرانی دیکە نموونەی ئەو جۆرە دەرەنجامانەن. ئەوەش لە کاتێکدایە کە وەزارەتەکان دامەزراوەی سەربەخۆن و خاوەنی شەخسیەتی مەعنەوی خۆیانن و راستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن، نەك دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وە توانای ئەوەیان هەیە کە بەپێی یاسا و رێسا و رێنماییەکان و سیاسەتی گشتی حکومەت سەرجەم کارەکانیان جێبەجێ بکەن. سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش دەتوانێ لە رێگەی سەپاندنی میکانیزمی چاودێری و پشکنینەوە لە کارەکانیان دڵنیا بێ. دیارە کە لێرەدا کۆمەڵێك فاکتەری جیاواز رۆڵیان لە گەشەی ئەو سیستەمەدا بینیوە، لەوانە، فاکتەری پەیوەستبە مێژوو، کولتوورەوە، یاسا و رێسا، توانا مرۆییەکان، نەبوونی پسپۆری پێویست لە لایەن وەزارەتەکانەوە، کێبڕکێی دەسەڵات وەیان شەڕە بەرژەوەندی و ململانێی بەرژەوەندیە تایبەتەکانەوە.

دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران <u>پێویستی</u> بە پێداچوونەوەی پێڕەو و پەیکەر و رێبەری پرۆسەکانی بڕیار هەیەلە سەرجەم جومگەکانی کارگێڕی <u>پێوستە</u> ئەوانە لەگەڵ ئامانجەکانیدا بگونجێندرێن و دیوان پڕ بەپێستی پێناسەکەی رۆڵی هاندان و کارئاسانیکردن و هەماهەنگیی ببینێ.

## لەجیاتی دیوان: ئەمینداریێتی گشتی

پەیکەری جیاواز و مۆدێلی جیاواز لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەردا هەن کە لە رووی دامەزراوەییەوە لە هی هەرێم سەرکەوتووتر بوونە. <u>دەکرێ</u> بە هەمان شێوازی بەغدا دیوان بکرێتە ئەمینداریێتیەکی گشتی و لە خوار ئەویشدا کۆمەڵێك فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی نیمچە سەربەخۆ کارەکان بەڕێوە ببەن. <u>بەو پێیە</u>، ئەمیندار دەبێتە رابەر و سەرپەرشتیارێکی لوتکەیی، وە پردێك لە نێوان کابینەی حکومەت و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی خوارەوە و ئاراستەکردنی رێرەوی فەرمانگەکان بەپێی ستراتیژ و بڕیارە لوتکەییەکانی حکومەت، بەڵام بەبێ ئەوەی بچێتە وردەکاریەکانەوە. پێویستە ئەمینداری گشتی ببێتە بزوێنەر و هاندەری بەکارخستنی ئەنجومەنی وەزیران و تەواوی دامەزراوەکانی حکومەت.

## پێڕەوی ئەمینداریێتی

<u>پێویستە</u> پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بە پێڕەوی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا بکرێت و بەپێی فەلسەفە و چوارچێوە نوێیەکە رۆڵی هەریەك لە پێکهاتەکان و چۆنێتی پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکان رێك بخرێنەوە. هەریەك لەوانە سەربەخۆ بکرێن و لە بەکارهێنانی دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکان ئازاد بکرێن، بەڵام بە میکانیزمی چاودێری کاراوە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ کوالێتی کارەکانیان بکرێت. ئەمینداری گشتی ئەنجومەن پێویستی بەوە نابێ هیچ جۆرە واژوویەکی

کارگێڕی لای خۆی کۆ بکاتەوە. بەڵکو پێویستە بە پێچەوانەوە زۆربەی دەسەڵاتەکانی بە هەمیشەیی بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی خوارتر شۆڕ بکاتەوە. هاوکات کارئاسانی بۆ دامودەزگاکانی وەزارەتەکان بکات تاوەکو بەپێی یاسا و سنووری دەسەڵات و بودجەی تەرخانکراویان کارەکانیان ئەنجام بدەن. کە بودجەی حکومەت لە پەرلەمانەوە پەسەند کرا، بەبێ دواکەوتن و بەپێی شێوازێکی شەفاف بەشە بودجەی بەکاربردن و پرۆژەکانیان بۆ بخرێتە سەر حیسابی وەزارەتە جیاوازەکان تاوەکو یەکسەر دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان بکەن.

## فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون

بە هاوتەریبی ئەوانەی سەرەوە، پێویستە هەماهەنگی نێوان دیوان و وەزارەت و دەستەکانی حکومەت بەدامەزراوەیی بکرێ و هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ کواڵیتی کارەکانی بکرێ. لە ئێستادا هەماهەنگی لەنێوان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان وەیان لەنێوان وەزارەتەکان بە وردەکاریەوە پێناسە نەکراوە و بە دامەزراوەیی نەکراوە. ئەو پەیوەندیەشی کە هەیە بەپێی ڕێککەوتن و یاداشتی لێك تێگەیشتن و گرێبەست و ڕێبەری کارکردن ڕێك نەخراون، بەڵکو تەنیا بەپێی عورف و ڕۆتینی بیرۆکراتیانە ڕێکخراون. پێویستە لەمەودوا هەموو پرۆسەیەکی هەماهەنگی یان کۆکردنەوە و گەیاندنی زانیاری و چاودێریکردن و بەدواداچوونی کاربەجێگەیاندن بەپێی فەرمانی لوتکەیی و یاداشتی لێکتێگەیشتن بن بە پێانەسەی ووردەوە.

دەکرێ ئەو ڕۆڵە بخرێتە ئەستۆی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون. لە ئێستادا ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی حکومەتە، بەڵام دەکرێ بخرێتە ژێر چەتری ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی پێ بدرێت. ئەرکەکانی ئێستای ئەو فەرمانگەیە بریتینلە بەدواداچوونی بڕیارەکانی حکومەتتا جێبەجێکردن، وە دەستنیشانکردنی کێشەکان و پێشنیازکردنی لادانی کۆسپی بەردەم کاربەجێگەیاندن و دواتر چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئاستی کاربەجێگەکاندن بەپێی پێوەر جیهانیەکان. دیارە کە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ئەزموون و هونەر و زانستی هەماهەنگی پەیدا کردووە و دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەر لە ڕێکخستنەوەدا ببینێ. پێویستە فەرمانگەکە لە ڕۆڵە گرنگەکانی ئێستایدا بەردەوام بێ و هەندێ دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشی پێ بدرێت بۆ ئەوەی لە کاراکردنی تەواوی سیستەمی حکومەتدا بەشدار بێ. دەکرێ ناوەکەی بگۆڕدرێ بە (**فەرمانگەی پلاندانان و بەدواداچوون**). هاوکات، لە سەرۆکایەتی دیواندا کۆمەڵێك فەرمانگەی گەورەی وەك فەرمانگەی پلاندانان، بەدواداچوونی پرۆژەکان و تەکنۆلۆژیای زانیاری لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە دەکرێ بکرێنە بەڕێوەبەرایەتی بچووکتر و بخرێنە ژێر فەرمانگەی پلاندانان و بەدواداچوونی پێشنیازکراو کە ئەرکەکانی کتومت هەماهەنگن لەگەل ڕۆڵی ئەو پێکهاتانە، بەڵام هەریەکەیان بەپێی بواری پسپۆڕیی و تایبەتمەندێتێی خۆی. لەنێو ڕۆڵە نوێیەکانیدا، دەکرێ ئەوانەی پێ بسپێردرێت:

a) پێدانی بیرۆکە و پرۆژە بۆ باشترکردنی کاری حکومەت بۆ سەرۆك وەزیران.

b) رۆڵی دیکەی جێبەجێکردن، بەتایبەتی لەو بوارانەی پەیوەستن بە بەزرکردنەوەی توانا مرۆییەکان و بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستەم، کە ئێستا لە وەزارەتی پلاندانان و دیوانی ئەنجومەنی وەزیراندانە.

c) داهێنانی سیستەمێکی دڵنیایی جۆری خۆماڵیی بۆ دامەزراوەکانی حکومەت و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان.

## بۆردی یاسادارێژتن

هەر لە چوارچێوەی ئەمینداریيەکەدا، بۆ کاراکردنی هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان و بەرزکردنەوەی کواڵیتی پرۆژە یاسایەکان کە لە نێوان حکومەت و پەرلەمان هاتوچۆ دەکەن، دەکرێ بۆردی یاسا داڕێژتن دروست بکرێت و بخرێتە ژێر سەرپەرشتی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و ئەویش لە ژێر سەرپەرشتی ئەمینداری گشتیدا بێ. ئێستا رۆڵی سکرتێری ئەنجومەن لە نووسینی کۆنووس و بڵاوکردنەوەی هەندێ کاری دیکەی یاسایی و وردبینی سنووردار کراوە، بەڵام لە راستیدا سکرتاریەت پێگەیەکی ستراتیژی هەیە بۆ ئەوەی رۆڵی گەورەتر ببینێ. دەکرێ بەشی یاسایی دیوانی لەگەڵدا تێکەڵ بکرێ و گروپێکی کارا و پسپۆڕی ئەکادیمی بۆ زیاد بکرێت و پەیوەندیەکانی بە ئەنجومەنی شوورا بەهێز بکرێت و ئەرکی هەماهەنگی و کاروباری پەرلەمانیشی پێ بسپێردرێت.

# داڕێژتنەوەی وەزارەتەکان بەپێی پێکهاتە هەماهەنگەکان

لەو راپۆرتەدا، بەپێی پێوەر و پرینسیپەکانی لەسەرووتر باسکران، پێشنیازی داڕێژتنەوەی وەزارەت و دەستەکانی حکومەت کراوە، پەیکەر و ئەرکی وەزارەتەکان شیکراونەتەوە، پێکهاتە هاوشێوە و هاوخەباتەکانیان بە جیا گواستراوەتەوە و لە ژێر چەتری سروشتیتر و گونجاوتر و لە چوارچێوەی 11 وەزارەت و ئەنجومەنێك بۆ دەستە و فەرمانگە تایبەتمەندەکان جێگەیان کراوەتەوە، بەو شێوازەی خوارەوە:

**1) وەزارەتی دارایی و پلاندانان**

بە ئاوێتەکردنی: (a) وەزارەتی دارایی و ئابووری؛ (b) فەرمانگەی پلاندانای ستراتیژی سەر بە وەزارەتی پلاندانان.

**2) وەزارەتی گەشەپێدانی ئابووری**

بە ئاوێتەکردنی: (a) وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی؛ (b) بەشی گومرگی ناو وەزارەتی داراییی و لکاندنی بە فەرمانگەی بازرگانیەوە؛ (c) فەرمانگەی کانزاکانی سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان؛ (d) پێکهاتە ئابووریەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی و ڤێتێرنەری سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ؛ (e) پێکهاتەی گەشتوگوزاری سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار؛ (f) دەستەی وەبەرهێنان؛ (g) بەشی شوێنەواری سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان؛ (h) پێکهاتەکانی هەماهەنگی، هاوکاری، پەرەپێدان، وەبەرهێنان و سیاسەتەکانی هاندانی کەرتی تایبەتی سەر بە وەزارەتی پلاندانان.

**3) وەزارەتی ووزە.**

بە ئاوێتەکردنی: (a) پێکهاتەکانی نەوت و گازی سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان؛ (b) وەزارەتی کارەبا.

**4) وەزارەتی گەشەپێدانی ژێرخانی ستراتیژی.**

بە ئاوێتەکردنی: (a) وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن؛ (b) پێکهاتەی ئاوەدانکردنەوە و رێگاوبانی سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون؛ (c) پێکهاتەی شارەوانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار؛ (d) فەرمانگەی تەکنۆلۆژیای زانیاری سەر بە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران؛ (e) فەرمانگەی تەکنۆلۆژیای زانیاری سەر بە وەزارەتی پلاندانان.

**5) وەزارەتی پەروەردە و خوێندن**

بە ئاوێتەکردنی: (a) وەزارەتی پەروەردە؛ (b) وەزارەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی؛ (c) دایەنگە و خوێندنی نابینایان و خوێندنە تایبەتەکانی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی؛

(d) قوتابخانە و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان؛ (e) پێکهاتە پەیوەندیدارەکانی پەرەپێدانی مرۆیی (بواری پەروەردە و فێرکردن) سەر بە وەزارەتی پلاندانان؛ (f) پێکهاتەی پاڵپشتی خوێندنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەشی داڕێژتنی پرۆگرامی پەیوەندیدار بۆ خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و زانکۆوە.

**6) وەزارەتی تەندروستی**

بە ئاوێتەکردنی: (a) وەزارەتی تەندروستی؛ (b) سەنتەرەکانی ئۆتیزم و داڵدەدانی قوربانیانی توندوتیژی دژی ئافرەتانی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی؛ (c) ئەرکە تەندروستیەکانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ بەرکەوتووان و خانەوادەکان.

**7) وەزارەتی کاروبارە مرۆڤایەتیەکان**

بە ئاوێتەکردنی: (a) وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان؛ (b) وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی؛ (c) وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان؛ (d) وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی؛ (e) دەستەی پێکهاتە ئاینیەکان (لە ڕاپۆرتەکەدا پێشنیاز کراوە)؛ (f) دەستەی پێکهاتە نەتەوەییەکان (لە ڕاپۆرتەکەدا پێشنیاز کراوە)؛ (g) ئەکادیمیای کوردی؛ (H) ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان (دەکرێ بچێتە پاڵ 12 لە خوارەوە).

**8) وەزارەتی داد**

بە ئاوێتەکردنی: (a) وەزارەتی داد؛ (b) فەرمانگەی بەندیخانەکانی ناو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

**9) وەزارەتی ناوخۆ**

بە لێکبەستنەوەی: (a) وەزارەتی ناوخۆ؛ (b) دەزگای ئاسایشی هەرێم و (c) دەزگای دژە تیرۆری سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم.

**10) وەزارەتی پێشمەرگە**

بە ئاوێتەکردنی: (a) وەزارەتی پێشمەرگە؛ (b) هێزە چەکدارەکانی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتنی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ؛ (c) بەشی خانەنشینی پێشمەرگەکان و خانەوادەی شەهید و ئەنفالکراوان.

**11) وەزارەتی ژینگە و سامانە سروشتی و نیشتیمانیەکان**

بە ئاوێتەکردنی: (a) دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە؛ (b) فەرمانگەی سەلامەتی و تەندروستی سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان؛ (c) فەرمانگەی دارستانی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ؛ (d) فەرمانگەی کەشناسی سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن؛ (e) دەستەی سەرچاوەکانی ئاوی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ؛ (f) دەستەی سامانە زەویەکانی هەرێم (لێرەدا پێشنیاز کراوە) ؛ (g) دەزگای گشتی کاروباری مین؛ (h) بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی (پاسەوانی) ژینگە و دارستانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ.

### 12) ئەنجومەنی دەستە و فەرمانگە تایبەتمەندەکان

کۆمەڵێك دەستە و فەرمانگەی حکومی نیمچەسەربەخۆ هەن کە بەپێی بواری پسپۆڕیان لە چوارچێوەی هیچ وەزارەتێکدا جێگەیان نابێتەوە، بەڵام بە دوورەپەرێزیەوە لە زانیاری و دەسەڵاتی لوتکەیی حکومەت دابڕاون. بۆ سەرخستنی کارەکانیان دەکرێ ئەوانە لە ژێر چادرێکدا کۆ بکرێنەوە بەبێ ئەوەی ئاوێتەبکرێن وەیان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست بدەن، وە نوێنەرێکی هەمیشەییان لە کابینەی حکومەتدا هەبێ. لەوانە: (a) دەستەی کار و بەکارخستن، بە ئاوێتەکردنی پێکهاتەی کاری سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێکهاتە پەیوەندیدارەکانی پەرەپێدانی مرۆیی سەر بە وەزارەتی پلاندانان؛ (b) دەستەی ئاماری ناوەندیی سەر بە وەزارەتی پلاندانان؛ (c) دەستەی گشتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری؛ (d) فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان.

## دەربارەی ئینستیتیوتی مێری

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری، MERI) گرنگی بەو پرسە سیاسیانە دەدات کە ڕێگە بۆ پرۆسەی دەوڵەتسازی و بەدیموکراسیکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆش دەکەن. لەڕێگەی شیکردنەوەی بێلایەنانە و دیبەیتی پۆلەسی، ئامانجی توێژینەوەکانی مێری بۆ سەرخستن و پێشخستنی حوکمڕانێتی دروست، مافەکانی مرۆڤ، سەروەرێتی یاسا و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابوورییە لە ناوچەکەدا. مێری لە ساڵی 2014 وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆی قازانج نەویست لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزرا.

لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، سپاردەی ژمارە 420ی ساڵی 2018 ی پێدراوە.

چاپی یەکەم 2018 چاپخانەی ڕۆژهەڵات

مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ
ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە © 2018
هەولێر - هەرێمی کوردستان - عێراق

www.meri-k.org | info@meri-k.org | +964(0)662649690
مێری وەك دامەزراوەیەکی ناحکومی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە بەرواری 2 ی تەمموزی2013 - بە ژمارە 843ك تۆمارکراوە.

# State-Building

## A Roadmap for the Rule of Law and Institutionalisation in the Kurdistan Region



**Dlawer Ala'Aldeen**

ئیمرۆ هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی چارەنووسسازی دەرەکی و ناوخۆییدایە. لاوازیە هەناویەکانی سیستەمی حوکمڕانی خۆماڵی لە دەوروبەرێکی دژواردا بوونەتە سەرچاوەی قەیران و هەڕەشە لەسەر ئاینده و چارەنووسیدا. لە چارەگەسەدەی رابردوودا، رێچکەی گەشەکردنی سیستەمی حوکمڕانی هەرێم هەمیشە لەژێر کاریگەریی هەلومەرجە سیاسی و ئەمنی و ئابووریە ناوەکی و دەرەکیەکاندا بووە. هاوکات، کولتوورێکی لاساییکردنەوە سەری هەڵداوە کە کۆمەڵێك مۆدێلی عێراقی کۆنی رۆژهەڵاتیانە و دەرەکی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە. لە ئەنجامدا، سیستەمەکە بووەتە مۆدێلێکی خۆماڵیی زۆرتایبەت کە لە هی هیچ وڵاتێکی دیکە ناچێ. بۆیە پەرەپێدان و چاککردنیشی لە ئایندەدا هەر دەبێ بە دیزاین و درووماتێکی خۆماڵیانە و بەرچاوکردنی مێژوو و کولتوورەکەی بچندرێتەوە. ئەوکتێبە بەرهەمی توێژینەوەی تێروتەسەلە و بۆچوونی زیاتر لە 200 پسپۆڕ لەنێو بڕیاردەر و داڕێژەرانی پۆلەسی و ئەکادیمستان لەخۆدەگرێ. ئامانجەکەی ئەوەیە کە بە دیدێکی رەخنەگرانە کەلێنە گەورەکانی سیستەمی حوکمڕانی هەرێم دەستنیشان بکرێت و بە پێی و اقیعی خۆماڵی پێشنیازی نەخشەرێگایەکی 10 ساڵی بۆچارەسەرکردنیان بخرێتە روو. لێرەدا زیاترین تیشك خراوەتە سەر چاککردنی ئەو پەیکەر و میکانیزمانەی کە بۆ سەروەرکردنی یاسا و گەشەپێدانی سیستەمێکی حوکمڕانی دروست گرنگن.

978-164370912-3
US $15.00
51500